# پشتئاشان، سەرەتایەک بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی شەڕی ناوخۆ!

خەتاب سابیر

مارسی ٢٠٠٧

ماوەیەکی زۆرە دەمەوێت لەسەر پاشخانی سیاسیی و ئارکیۆلۆژیای شیوعییەکان و کۆمۆنیستەکانی عێراق و کوردستان شتێک بنووسم ، کەچیی هەر دوام دەخست و تەمەڵییم لێدەکرد. بەڵام ئەوەی هانیدام کە بەکورتییش بێت دەست بخەمە سەر هەندێ دیاردەی نامۆراڵیی و کاراکتەری شلوشاو، نەخۆشیی چەپزادەیی و ئەو کارەساتانەی کە بەناوی چەپ و مارکسیزم و کۆمۆنیزمەوە دەرخواردی بزووتنەوەی رزگارییخوازی کورد دراوە. هەروەها هەڵوێست و دووڕوویی و گەندەڵیی هەندێ رۆشنبیری پاشخان چەپ و باگگراوند -مارکسیست شەنوکەو بکەم، خووی مۆرانەیی و هەڵوێستی خۆرەیی ئەم گورزە لە رۆشنبیرانی چەپ لەسەر پێشهات و رووداوەکانی رابردوو و ئێستای کوردستان کەمێک تەتەڵە بکەم.

روودواوە سیاسیی و تراژیدیاکانی بزووتنەوەی سیاسیی و چەکداریی کورد ئەوەندە کریستاڵیی و روونن کە زۆر بەڵگەنەویستە بۆسەلماندنی ئەوەی گەلی کورد چەندێک دەستکەوتی لە ئیسلام و هێزە ئیسلامییەکان پچرپوە هەر ئەوەندەیشی لە کۆمۆنیزم و مارکسیزم و چەپ چنیوەتەوە. بە واتایەکی تر چەندێک شێخ و مەلا ئیسلامییەکان و بەرنامەی سیاسیی و ئایینیی ئیسلام لە مێژووی سەدان ساڵەوە تا گەیشتن بە بزووتنەوە رادیکاڵیستە ئیسلامییەکان و تەکفیرییەکان سوودیان بۆ دۆزی سیاسیی و کولتووریی و کۆمەڵایەتیی کورد هەبووە، بەشێکی بەرچاو لە جۆرەکانی مارکسیزم و شیوعییەکان و کۆمۆنیستەکانیش هەر ئەوەندە سوودیان هەبووە.

ئازادیی ، وشەیەکە کورد بەدرێژایی سەدان ساڵە بە ستایلی جیاواز و لەهەلومەرجی جیاوازداو بەپێی سەردەم و هەلومەرجی جوداو بە داتای هەمەچەشنەوە وێڵە بەدوایدا و قوربانیی زۆری بۆ داوە. هەر ئەم ئازادییە چەندێک لە هەگبەی ئیمارەتە ئیسلامییەکان و مێژووی خەلافەتە ئیسلامییەکان و ئیسلامییە فەندەمێنتالەکانی ئەمڕۆدا هەیە ، هەر ئەوەندەش لە شیوعییەت( بە عەرەبییەکەی ) و کۆمۆنیزم ( بە ستاندارده ئینتەرناسیۆنالیستەکەی ) دا هەبووە. ئەم راستییە زۆر خۆماندوو کردنی ناوێت ، مێژووی دەسەڵاتی سیاسیی کۆمۆنیزم دوور نییەو بەکێو دۆکیومێنت لەبەردەستدایە کە ئەوەی ناوی نەبێت ئازادیی و رای جیاوازی سیاسییە. لە لێنین و ترۆتسکی هاوڕێ و شابالییەوە بگرە تا ئەندرۆپۆف و چێرنینکۆ لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، دەیان میلیۆن مرۆڤ نەک هەر جێنەساید ( جینۆساید) کران، بەدەربڕینی رەدۆڵف رەمێڵ ( **Rudolph Joseph Rummel** ) بەڵکوو دیمۆساید ( Democide ) یش کران.

لەپەنای ئەفسانەی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریاوە بەشێکی بەرچاوی چەپی کورد دەیان ساڵ پاشقولی سیاسیی لە هەنگاوە جۆربەجۆرەکانی ئازادیی و ویستی سەربەخۆیی گەلی کورد داوە. خراپترین نموونەی ئەم چەپەش دەکرێ لە شیوعییەکانی عێراق و کوردستان و کۆمۆنیستە کلۆنکراوەکانی چەپی ئێرانیی لەکوردستاندا بەدیبکرێ. بۆ ئەوەی لەباسەکە دوور نەکەومەوە، دەست دەخەمە سەر ئەو کایە فیکریی و سیاسییە سەقەتەی کە ئەم بزووتنەوەیە دەرخواردی کولتووری سیاسیی و رۆشنبیریی کوردیی داوە. کایەیەک کە هەمیشە بارگاویی بووە بە دەستوور وەرگرتن لە دەرەوەی ویست و خواستی گەلی کورد و بزووتنەوە سیاسییەکەی، کەشوهەوایەک هەمیشە سیخناخ بووە لە دووڕوویی، ساختەکاریی و نامۆراڵیی لەهەمبەر دەنگی نارەزایەتیی گەلی کورد و قوربانییەکانی.

ئەم کایە سیاسییە بوغزاویی و ناخ رەشەوەبووە، تێهەڵدراوی دوێنێی دەستی بەعس  و تۆڵەئەستێنی ئەمڕۆ، بێ دەموپل و بێ دەسەڵاتی ساڵان و کەڵبەداری ئەمێستا، بەرادەیەکی زۆر قووڵ چۆڕاوەتە ناو خانەکانی ستراکتۆری سیاسیی و فیکریی کۆمەڵێک شیوعیی دێرین لە کۆتاییەکانی  سەدەی رابردوودا و کە ئێستا بوونەتە  رۆشنبیری نوێخوازی ئەم سەرەتای سەدەیەی سەر بەدەسەڵات و  غوڵامی دەسەڵاتداران، ئەم کۆمەڵە شیوعییە دێرینە هەرگیز ناتوانن و نایانەوێ پێش خۆیان ببینن  و هەمیشە چاویان لەپشت خۆیانەوەیە و بەشوێن تۆڵە و دانکرۆشتنەوەن لە رابردوو. بۆ راستکردنەوەی باڵانسی خۆیشیان دەریایەک دامودەزگای دەسەڵاتدارانی کوردستانیان لەبەردەستدایە و  خۆیانی پێوە رادەدەن. بۆ هەرکێشەیەکی پووچیش، دەیانەوێ حیزبی دەسەڵاتدار بکەنە سەنگەر و تەقە لەو ئەهریمەنانە بکەن کەخۆیان دایانتاشیوە لەدەروونی سەرتاپا نەخۆش و گەندەڵیاندا. چۆن سەرۆک جاش و ئەنفالچییەکان خۆیان بەدەسەڵاتدارانەوە هەڵواسیوەو پۆزیش بەسەر کەسوکاری قوربانییەکانی دەستیان و گەلی کورددا دەکەن، بەهەمان شێوەش ئەم شیوعییە دێرینانەش چونکە پاشەڵی سیاسیی رابردوویان پیسەو بەرپرسن لە خوێنێ سەدان کوڕی بێنازی کوردستان، ئەمانیش توند توند خۆیان بەدەسەڵاتەوە هەڵواسیوە.

لەکوردستاندا یەکێک لەو تراژیدیایانەی کە هەموو بەهاکانی مرۆیی تێدا گۆڕکراو هەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی سەبارەت بەمافی مرۆڤ  تێدا پێشێلکرا ، قەسابخانەکەی پشتئاشانی ساڵی ١٩٨٣ یە. تا ئێستا بەزۆریی  بلوێری حیزب و سەمفۆنیای ئایدۆلۆژیاکان لانکی ئەم تراژیدیایەیان راژەنیوەو  لەهەردوو لای شەرکەرەوە پاکانەی سیاسیی بۆکراوە لەنێوان رەواو نارەوادا، لەنێوان سەپێنراویی و دەستدرێژییدا، لەڕاستییشدا قوربانییانی ئەو کوشتارگایەو هەموو کوشتارگاکانی تری شەڕی ناوخۆیی کوردستان جگە لەکالایەکی پووچ  بەدەستی قوماربازە سیاسییەکانەوە بۆ بازرگانیی شتێکی تریان لە هەگبەدا نەبووە.

کارەساتی پشتئاشان ، هیچی لەکارەساتە خوێناوییەکانی شەڕە ناوخۆییەکانی تر گەورەتر نییە، نە پیرۆزترە و نەجەرگبڕترە لە شەڕە ناوخۆییەکانی شەستەکانی سەدەی رابردوو، کارەساتی هەکاریی، شەڕگەکانی کەپکی حەمەد ئاغا، سورێن، دەشتی هەولێر، بادینان، شاربازێڕو بالیسان و....تاد. نە ژمارەی قوربانییەکانیشی زۆرترە لەوانیتر، بگرە زۆر کەمترە بەبەراورد بە شەڕگەکانی تر و یەک لەسەدی قوربانییەکانی شەڕی ناوخۆی کوردستانیش ناکات. ئەوەی کە ئەم شەڕەی لەشەڕەکانی تر جوودا کردووەتەوەو گەورەتری کردووە،  تەنها ئەوەیە لەم شەڕەدا خوێنی برایانی نەتەوەی عەرەبی سەردار زۆرتر رژاوە و ئەمەش بۆ نووسەران و سیاسییەکانی نەتەوەی سەردەستی عەرەب و پاشکۆکانیان لە سیاسیی و نووسەرانی چەپی کورد مایەی نیگەرانییە. چونکە خوێنی ئەم قوربانییانە لەخوێنی هەموو قوربانییانی شەڕی ناوخۆیی کوردستان گەشتر و بەهادارتر بووە.

نووسەران و رۆشنبیرانی کورد چونکە هەمیشە بەچاوی سۆزەوە بۆ رووداوەکان دەڕوانن و مێژوو بەچاوی سۆزەوە دەخوێننەوە هەوڵیش دەدەن بەهەمان "فینۆمینۆلۆجی"ش بینووسنەوە، هەرگیز بەراستگۆیی و بێلایەنیی رووداوەکان وەک خۆیان نانووسنەوەو تۆمار ناکەن. بەڵام کارێکی دانسقە لەدەستی پێشمەرگەیەکی شاخ ، لەچەشنی قادر رەشیدی پێشمەرگەی دێرینی حشع  هاتووەتە دەر ، سەرەڕای هەر لایەنگریی و هەوایەکی ئایدۆلۆژیی و سەرمەست بە دۆگمای حیزبیی لەنووسینەکەیدا لەژێر ناونیشانی " پشتئاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگییدا " کارێکە بە بڕوای من زۆر بایەخدارەو زۆر رووی دزێو و شاراوەی ناو گەمە سیاسیی و ئایدۆلۆژییەکان دەردەخات و پەنجە دەخاتە سەر راستییەکان و ویژدانی خۆی و ویژدانی کوژراوەکانیش ئاسوودە دەکات.

تا خوێندنەوەی ئەو کتێبە، لای منیش وەک زۆربەی ئەو چەپە سەرگەردان و دوای کڵاوی بابردوو کەوتووە، نەوشیروان موستەفا تاکە تاوانبار و خولقێنەری ئەو قەسابخانەیە بوو. هەرچەندە دەستەواژەی تۆمەتبار و تاوانبار ، دەبێ زۆر بەوریایی بەکار بهێنرێ و ئەوە کاری دادگایەکی یاساییە کە دوور بێت لەهەر چەشنە گوشارێکی سیاسیی و سەربازیی، نەک کاری کەسێک کە بیەوێ بەردێکی تر لەو خڕە بەردگەلە هەڵداتەوە کە نزیک بە چارەکە سەدەیەکە دەوترێ و دەوترێتەوە.

ئەم نووسینە هیچ مەبەستێکی لە داکۆکییکردن لە کەسایەتی نەوشیروان موستەفا نییە. هەرگیز ئەوە سیاسییەکان و ئایدۆلۆژیا پەرستەکان و نووسەرەکانی پاڵ دەسەڵات نین بتوانن پۆلێنی تاوانباران و بێتاوانان بکەن، ئەوە کارێکی یاسایی پەتییەو تەنها لەرێگای دادگایەکی روون و سەربەخۆوە دەکرێ مێدالیای تاوانباریی لە ئەکتەرە سەرەکییەکان بدرێ.

هاوکات لەگەڵ ئەو شەپۆلی وەهمەشدا نیم کە پێیان وایە نەوشیروان موستەفا فریادڕەسە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تاعونی گەندەڵیی رزگار دەکات و لەم هەنگاوەشەوە ئاوڕێ لەکوردستان دەدرێتەوە. بەپێچەوانەوە ئەوانەی بەتەمای ئەوەن کە نەوشیروان موستەفا سەرقافڵەی کاروانێک بێت و بەرامبەر باڵادەستیی مام جەلال و گەندەڵکارانی ناو ینک بوەستێتەوە ، لە خەونێکی ئەفسووناویی بەولاوە هیچ خەونێکی رەشوسپییش نابینن.

کەس بەئەندازەی نەوشیروان موستەفا بەردەست و غوڵامی مام جەلال نەبووە لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، کەس بەئەندازەی ئەم پیاوە بەشدار نییە لە بەهێزکردنی هێجەمۆنی مام جەلال لە ناو ینک دا. کەسیش بەئەندازەی نەوشیروان موستەفا سوودمەند نەبووە لە دوای مەرگی خاڵە شەهاب و ئارام و عەلی عەسکەرییەوە. بەواتایەکی تر ئەگەر خاڵە شەهاب و ئارام بمانایەو تێدا نەچوونایە، هەرگیزاو هەرگیز نەوشیروان نەدەبوو بە ئەو کەسایەتییە، نەلەبواری سیاسییدا و نە لەبواری میلتانتییشدا. بەکورتییەکەی نەوشیروان هێنراوەتەوە لەئەورووپاوە بۆ ئەوەی جێگەیەکی ئامادەکراوی بۆ دابین بکرێ لە هەرەمی دەسەڵاتی کۆمەڵەدا دابنرێ و کادیرە گەنج و چەپە تەرەقە سوورەکان کۆنترۆڵ بکات و رێگا بۆ مام جەلال بکاتەوە کە " القائد العام" ی مسۆگەر بکات.

ئەوە نەک هەر جێگەی گومانە کە پیاوێک بە قسەی خۆی { هەرچەند قسەکەی خۆیشی بۆ پاکانە کردن بووە لەئاست دامو دەزگا سیاسیی و هەواڵگرییەکانی رۆژئاواداو بۆ نمایشکردنی رۆڵی سیاسیی خۆی بووە لەلای ئەمێریکاییەکان و بریتانییەکان لە داهاتووی سیاسیی کوردستان و عێراقدا ( لەکاتی نووسینی کتێبەکانییەوە) }. بۆ نیشاندانی پرۆفایل و باکگراوندێکی پێچەوانە لەسەر بۆچوونی سیاسیی و مێژووی پێشینە چەپی خۆی بووە کە دەیەوێ بڵێ نەوشیروان بڕوای بەمارکسیزم و کۆمۆنیزم نەبووە، ئەی کام جادووی سیاسیی گەیاندییە بەرپرسیارییەتی رێکخراوێکی چەپی مارکیستیی لێنینیی وەک کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. ئەوە ئەگەر کڵاو لەسەرکردنی ئەو هەزاران کادیرەی ئەوسای کۆمەڵە نەبووبێ ئەی چیی بووە؟

شاباڵی مام جەلال، نەوشیروان موستەفا بووە، متمانەی مام جەلال، بە نەوشیروان موستەفا لەهەر کەسێکی تر زۆرتر بووە، چونکە پەروەردەی دەستی خۆیەتی و بە بێ ویستی سیاسیی ئەو لە حەفتاکان و زۆربەی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی پێشوودا ، ئەم کابرایە دەستی بەئاوی شلەتێندا نەکردووە . ئەو کۆمەڵەیەی نەوشیروان موستەفا سەرکردایەتی دەکرد جگە لە ئۆرگانێک بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە پاوانخوازییەکانی مام جەلال و جێکەوتکردنی کۆدەکانی ئەو، ناوێکی تر هەڵناگرێ لێی بنێی. هەموو خەڵکی کوردستان دەزانن، تا ناوەڕاستی هەشتاکانیش زۆربەی رێکخستنەکان و پێشمەرگەکانی ینک پێیان شەرم بوو دان بە رابەرایەتیی مام جەلالدا بنێن و زۆرتر پێیان لەسەر چەپبوون و کۆمەڵەبوون دەچەقاند. بەرادەیەک ناوهێنانی

مام جەلال بەهۆی سکاندالێکی سیاسییەوە لەرابردوودا،  جۆرێک بوو لە شەرمەزاریی لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا.

مام جەلال زۆر زیرەکانە توانیتی پایەی کۆمەڵایەتیی و پانوپۆریی کۆمەڵەو خۆشەویستیی رێکخستنەکانی بۆ پاوانخوازیی و تاکرۆیی خۆی و سەپاندنی خۆی وەک مەرجەع بەشێوەیەکی سیستماتیک بە ئەنجام بگەیەنێ. کەس ئەوەندەی نەوشیروان موستەفا ئۆباڵ ناچێتە سەر گەردنی کە رێکخراوێکی سیاسیی گەورەو جەماوەریی وەک کۆمەڵەی خستبووە خزمەتی گەشەسەندنی باڵادەستیی مام جەلال و سیاسەتە تاکرۆییەکانییەوە. نەوشیروان کۆمەڵەی بەهەموو کادیرە لاسارو سەرکێشەکانییەوە لەسەر سینییەکی رەنگاورەنگ داناو کردیە بەردەمی مام جەلالەوە . لەراستییشدا بەهەوڵی مام جەلال و نەوشیروان، کۆمەڵە جگە لەرۆبۆتێک بەدەست مام جەلالەوە شتێکی تر نەبووە. لێرەوەیە گومانەکان دەبن بەیەقین ، ئایا نەوشیروانێک ئەوەندە بەردەستیی سیاسیی بۆ مام جەلال کردبێت ، ئەکرێ ئەو بارە خوارەی خۆی لە ناو دەریایەک گەندەڵیی ئێستای یەکێتییدا راستبکاتەوە. ئایا بەو باکگراوندە سیاسیی و کاراکتەرە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی سێ دەیە لەمەوپێشەوەی، دەکرێ سەرکردەیەکی جێگای متمانەی باڵی ریفۆرم بێت لەهەمبەر باڵی نغرۆی ناو گەندەڵیی؟ دەکرێ خەڵکی کوردستان جارێکی تر متمانەی سەرکردەی پێ بدەنەوە هەر هیچ نەبێ لەباری مۆراڵییەوە.

بەدەر لەوەی نەوشیروان موستەفا خاوەن قەڵەمەو راشکاوییەکی ئازایانەی هەیە لە قسەباس و گفتوگۆدا ( جگە لەبەرامبەر مام جەلالدا ) ، بەڵام لەرووی سیاسیی و فیکرییەوە بەردێکی نەناوەتە پشت سەری خۆی، بۆیە ئەو خەیاڵپڵاوییەی بەنەوشیروان هەیە ، لە بازنەیەکی بێئومێدییدا دێت و دەچێت و لە ئێستادا بەهیچ شوێنێک ناگات، ئەو خەیاڵپڵاوییە پشتی بەهیچ میتۆدێکی سیاسیی و فیکریی نەبەستووە کە نەوشیروان بە فریادرەس دەزانێ. بەڵام سەرەرای هەموو لایەنە نێگەتیڤەکانی نەوشیروان، بەڵام لەکاتی مردنی تاڵەبانییدا، ئەگەر بەهۆی نەخۆشییەوە بێت یان بەهۆی پیرییەوە، نەوشیروان بەم بارەی ئێستایشیەوە کە وازی لە مەکتەبی سیاسیی ینک هێناوە هەر دەبێت بەکەسی یەکەم و سووکانی ینک بەتەواوی کۆنترۆڵ دەکات، بەو مەرجەی ئەگەر خۆی مەبەستی بێت، هۆیەکەشی ئەوەیە چۆن تا ئێستا بەنەوشیروانیشەوە کەس ناوێرێ لەبەرامبەر مام جەلالدا بکۆکێ، بەهەمان نەفەسی میلتانتییەوە کەسیش ناوێری لەبەرامبەر نەوشیرواندا بڵێ لەل، هەر کەس ناوێری سەیری دەموچاوی بکات بەوردیی، ئەوەندە سامی میلیتانتیی و جدییبوونی لەخۆگرتووە . ئەمانە کۆمەڵێ کرایتێریای حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستەو یەکێتییش  رەسەنترین حیزبی ئەو کەشوهەوا میلیتانتەیە.

ئێستا، راپۆرتە هەواڵەکان باس لەوە دەکەن ، کە مام جەلال نیازی هەیە داوای لێبوردن لە کەسوکاری قوربانییەکانی پشتئاشان و حیزبی شیوعیی عێراق بکات و زیانەکانیشیان لەرووی داراییەوە بۆ ببژێری. پێش هەموو شت ئەمە کارێکی زۆر باشەو هەنگاوێکی پۆزەتیڤەوە، رێگا خۆش دەکات بۆ هەڵدانەوەی لاپەرەکانی تری شەرە ناوخۆییەکان و دەستی زۆر تاوانباری شاراوەش دەردەکەوێ. سەرەرای هەر پلان و مەرامێک لەپشت سەری ئەم راپۆرتە هەواڵانەوە، بەڵام ئەگەر لەسیاسەتدا ئازایەتیی واتایەکی هەبێت ، ئەمە ئازایەتییەکی گەورەیە کە مام جەلال شان دەداتە بەری و جێگای دەستخۆشیی لێکردنیشە. هەر هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی دەستی دزێوی دەیان تاوانباری شاراوەی شەری ناوخۆ بەدیار دەکەون. لەهەمووو شتێکیش گرنگتر، خەڵک فێری ئەوە دەبێت کە دەیان سەرکردەی جاش و ئەنفالچیی بدەنە دادگاو ئەوسا دەسەڵاتدارانیش ناوێرن وەک ئێستا پەنایان بدەن.

ئەوەی کرۆکی ئەم نووسینە بەدوایدا وێڵە ئەوەیە ، ئایا هەر مام جەلال تاوانبارە؟ ئایا بە میزاجی کۆنە شیوعییەکان و تازە نووسەرانی بن باڵی دەسەلاتی سیاسیی کورد هەر نەوشیروان موستەفا تاوانباری سەرەکییە؟ ئایا هەر هێزەکانی یەکێتیی

دەستدرێژییکەر بوونەو ئەوانەی تر لەشەڕی پشتئاشاندا قنج قنج دانیشتبوون و سەرکردایەتییەکەیان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و مەکتەبی عەسکەریی و کۆمیتەی ناوەندییەکەیان هیچ پلان و قاچکێشانەوەو مەرامێکی شەڕانگێزیی لە ناخ و بیرو دەروونیاندا نەبووەو بەشدار نین لەو کوشتارگایانەدا؟.

قادر رەشید زۆر ئازایانە، زۆر جوامێرانە کرۆنۆلۆجیای رووداوە سیاسیی و سەربازییەکانی پێش و پاش ئەو قەسابخانەیەی پشتئاشان دڵسۆزانە دەگێڕێتەوە. ئایا لەم دنیایەدا و لە هیچ حیزبێکی سیاسیی تردا کەس بیستوویەتی حیزبێک لەگەڵ حیزبێکی تردا لە بەرەیەکی دوو قۆڵییدا بێت لەگەڵ یەکتردا، کەچیی ئۆرگانێکی ، رێخکراوێکی ، یان وەک ئەوەی حشع _ مەڵبەندی هەولێری لەو رۆژگارەدا و لەگەڵ بەرەی جوددا کەوتە داوێکەوە و پەلاماری مەڵبەندی بالیسانی یەکێتیی دا ، چووە شەڕێکی ماڵوێرانکەرو سەرتاسەرییەوە لەگەل هێزێکی خاراو و میلیتانت و باسک ئەستووری سەربازیی وەک یەکێتییدا.

ئایا لەهەموو مێژوودا کەس بیستوویەتی یەک ئەندامی پایەبەرزی حیزبێک وەک ( ئەبو حیکمەت ) ، بەمیزاجی سیاسیی خۆی حیزبەکەی بخاتە شەڕێکی ئاوا قورس و ئاڵۆزەوە؟ و مەکتەبی سیاسییەکەی ، ئۆرگانە باڵا دەستەکانی ئەو حیزبە هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵدا نەکەن. ئەگەر درێغیی واتایەکی مۆراڵیی هەبێت ئەمە پشتکردن نییە لەبنەماو سیاسەتی باو و فەرمیی حیزب. ئایا لە هیچ حیزبێکی سیاسیی ئەم دنیا پانوپۆڕەدا ، ئەندامی حیزب وەک ( ئەحمەدی بانیخێڵانیی ) هەیە بە تەنیا بە ئەندامێکی تری خۆیان بڵێ خۆتان وەکیل بن و وەزعەکە هەڵبسەنێگێنن و بڕیار بدەن، یان درووستر خۆتان سەرکردایەتی مەڵبەندی هەولێر بڕیار بدەن و کارەکە لای خۆتانە، بۆ مەگەر گوندۆرە خواردنە!. ئەمە هەڵکردنی چرای سەوز نییە بۆ چوونە ناو شەڕێکەوە کە پێش هەموو کەس خۆیانی وردوخاشکرد و بزووتنەوەی سیاسیی کوردیشی ناشیرین کرد.

ئەو بڕیارەی ئەبو حیکمەت و ئەو چرا سەوزەی ئەحمەدی بانیخێڵانیی دەکرێ زۆر شتی لە پشتەوە بخوێندرێتەوە، بەڵام یەک راستیی هەیە، کە ئەو دووانە پێش نەوشیروان موستەفا تۆمەتباری سەرەکیین و دەستپێشخەر بوونە. چۆن حیزبی شیوعیی لەکاتێکدا هەروەک قادر رەشید دەڵی لەبەرەیەکی دوو قۆڵییدا بووە لەگەڵ یەکێتییدا ، بەپەلە داوای کشانەوەی قادر رەشید دەکات لە نۆکانەوە بۆ پشتئاشان و بەدزی یەکێتییەوە. ئایا لە هەموو کولتوور و دابو نەریتێکدا میوانێکت ، هاوچادرێکت بە شەو بپێچێتەوەو پێشت نەڵێ ، گومانی خراپت لا دروست نابێ ! ئەگەر دوو تەماتەفرۆشیش بەیەکەوە بن و یەکێکیان بەدزی ئەویترەوە پێچێکی لێبدا هەزارو یەک گومانی خراپت لادروست دەبێ و یەک نیازی پاکیش چییە بە مێشکتدا گوزەر ناکات.

ئایا کاری حیزبی شیوعیی عیراقیی ئەوە بووە لە قووڵایی شاخەکانی کوردستان خەریکی فیتنەو قسە هێنان و بردن و ئاژاوە نانەوە بێت؟ ئایا کاری ئەوە بوو کادیرە عەرەبەکانی نەتەوەی سەردەست بنێری بۆ هەندەران و کوردە کرمانجەکانیش بۆ لێوارەکانی مەرگ؟ پاش ئەوەی لەوپەڕی ناچارییدا بەعس دەربەدەرییکردن و کردنی بە ئاردی ناو درک، ئافەرین حیزبێک هەزاران پارچە چەکی قورس و سووکی لەبەردەستدا بووبێت و بەعسیش وەک کەڵەگا هەر رۆژەی لە شوێنێکەوە ئەتکی دەکرد، کەچیی ئەوەندە جوامێریی نیشان نەدەن چەند پارچە چەکێ بۆ پاراستنی خۆیشیان بهێننە دەرەوە، بگرە هێشتا چاویان لەوە بوو بەعس بەزەیی پێیاندا بێتەوەو بیانخاتەوە ژێر رکێفی خۆی و وەک باوکێک دەست بەسەریاندا بێنێتەوە.

ئایا حشع لەبری ئەو خەتخواریی و لایەنگیرییکردنەی لە بەرەیەکی شەرکەرەکان؟ باشتر نەبوو خەریکی کارە بەناو ئینتەرناسیۆنالییەکەی خۆی بێت. ئەوەی ئەبو حیکمەت و ئەحمەدی بانیخێڵانیی نەک هەر دەکرێ گومانی خەتخواریی لێبکرێ بۆ لایەنەکانی تری بەرەی جودی ئەوسا ، بەڵکوو دنیایەک گومان و وابەستەیی سیاسیی و ناسەربەخۆیی ئەندامە پایە

بەرزەکانی حشع دەسەلمێنێ. ئایا تابووە ئەگەر بپرسین تێرۆرکردنی حەمەی حەلاق و هاوەڵەکانی دەستی سەرکردایەتی پارتی کاری تێدایەو بەپلان لەگەڵ یەکێتییدا جێبەجێکراوە، یان لەباشترین حاڵەتدا کوشتنی حەمەی حەلاق ویستی هاوبەشی یەکێتیی و چەند خەتخوارێکی ناو پارتی کار بووە ( کە پێشتریش لەناو حشع دا هەر پیشەیان خەتخواریی بووە ). ئەبو حیکمەت خەتخوارییەکەی خۆی لەناو حشع دا برده سەر و دروشمی "لق دەگەڕێتەوە سەر ڕەچەڵەک"ی جێبەجێکرد ، سەرئەنجام لەناو پارتیی دیموکراتی کوردستاندا پۆستەکەی خۆی وەرگرت و پاداشتی چەندین ساڵ کاری ژێربەژێری ناو حشع و پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان .....تاد وەرگرتەوە. بەڵام هێشتا زۆر سەرکردەی تر هەن هەر لە ژێرەوە خەتخوارن و پاداشتی مەئمورییەتەکەی خۆیان بەدزییەوە وەردەگرن.

ئەحمەدی بانیخێڵانییش، کە دەبووایە زۆر ئازایانە ڕووداوەکانی بنووسیایەتەوە، بەڵام ئایدۆلۆژیاچییەتیی و شیوعییبوونەکەی و چاوبەراوگێڕیی بۆ لایەنێکی سیاسیی زۆر ڕاستییان پێ نەنووسیوەتەوە، نووسینەکان و بیرەوەرییەکانی ئەحمەدی بانیخێڵانیی بۆ هەر شتێک بەکار بێن بۆ سەرچاوەو گەڕان بەدوای زانیاریی و ڕاستیی ڕووداوە مێژووییەکاندا بەکار نایەن. بانیخێڵانیی ئەوەندەی لە پارتییەک دەچێ نیو ئەوەندە لە شیوعییەک ناچێ، ئەوەندەی بە بارزانیی و پارتییدا هەڵداوە ئەوەندە بە حشع دا هەڵنەداوە. لێرەدا دەکرێ بڵێین نووسینەکانی بەهادین نوری زۆر سەرڕاستر و ویژدان زیندووانەترە تا نووسینەکانی بانیخێڵانیی، یەکێک لە باشترین ئەو کارانەی بەهادین نوری کردوویەتی لەژیانیدا ئەوەیە کە وەک سەرکردەی شیوعییەکان لەناوچەی قەراغدا نەیهێشت شەڕ ڕووبدات، یان نەکەوتە داوی پاشکۆبوونی هەندێ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و عەسکەریی شیوعییەکانەوە.

نووسەرانی کۆنە مارکسیی و کۆنە شیوعییەکان و بەتایبەت ئەوانەی لەپاڵ دەسەڵاتی سیاسیی کوردییدا هەموو بەها مرۆییەکانی خۆیان بۆ پارە و سامانی دنیا کوشتووە، خۆیشیان بۆ ویستی دەسەڵات بەهەموو داروبەردێکدا دەدەن . بێسوورڕ نییە زۆربەی شیوعییە دێرینەکان، بە چەند ڕستەیەکیاندا، بە پارەگرافێکیاندا ، زۆر زۆر بە وتارێکیاندا دەناسرێنەوەو دەردەکەوێ کوشتەی ڕقێکی کۆن لە نەوشیروان و نەوشیروانیزمن و دۆست و بەردەست و ئەزبەنی پارتیین . ئەوە نییە لە شانزە ساڵی ڕابردوودا دەستە دەستەو تاک تاک خۆیان بە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان هەڕاج دەکەن، بەتایبەتییش بەو حیزبەی پارەی زۆرتریان بداتێ. ( لێرەدا داوای لێبووردن لەو ژمارە کادیرە کەم و دانسقەیەی شیوعییە دێرینەکان دەکەم، کە قەڵەمەکانیان و کەرامەتی مرۆیی خۆیان نەفرۆشتوە بەدەسەڵاتی سیاسیی کوردیی و سەربەرزانە دەژین ).

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە سەرۆکی ئێستای عێراق جەلال تاڵەبانیی بۆ هەر لەسەر پشتئاشان داوای لێبووردن دەکات و بەرپرسیارییەتی دەگرێتە ئەستۆ؟ ئەی سەرجەم شەڕە ناوخۆییەکانی تری کوردستان . خۆ لەساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٨ دا هەزاران کوڕی کوردیان بەخۆی و بە سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانیی، بەکوشتدا. ئەی بۆ بە فەرمیی داوای لێبووردن لە گەلی کوردستان ناکات ( ئەگەر هەردووکیشیان نایکەن ) و قەرەبووی تەواوی زیانباران بکرێتەوە. دەیان دیلی یەکتریان ئەتک کردو کوشت، زمانی دیلی یەکتریان دەبڕییەوە، دەیان و سەدان دەستدرێژیی فیزیکی و دەروونی و سێکشواڵی کراوەتە سەر ئەندامان و لایەنگرانی هەردوولای ناکۆکییەکان لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ و تا ئەم کاتەش سەدان کەس بێسەروشوێنن.

مام جەلال بۆ داوای لێبوردن لە کەسوکاری ئەو پێنج کۆمۆنیستە ( باڵی حیکمەتیستەکان )ی سلێمانی ناکات و قەرەبوویان ناکاتەوە کە لەناو سلێمانییدا لە نیوەی دووەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا قەسابییکران ؟ خۆ لەپەنای دەستیدابوون و نزیکەی پانزە ساڵیش دوای پشتئاشان ڕوویدا. بۆ داوای لێبووردن لە قەسابخانە قێزەونەکەی حەمەی حەلاق

ناکات؟ بەدڵنیاییەوە ئەگەر کۆمۆنیستەکان و برادەرەکانی حەمەی حەلاق لەنەتەوەی سەردەست بوونایە، پشت و پەنایان هەبووایە وەک ئەو هەموو قەڵەمەی نووسەران و لایەنگرانی حشع لەنەتەوەی سەردەستی عەرەب ، ئەوسا مام جەلال ئەمەیشی دەکرد.

هەر ئەو ئاژاوەچیی و بوغزاوییانەی ناو حیزبی شیوعیی عێراقیی بوون ئێستا لە دەزگاکانی راگەیاندنی دەسەڵاتدارانی کوردستاندان و بەشدارییەکی چالاکانەی شەڕی نێوخۆیان کرد و بەوتارە حەماسیی و سەردێڕە ئاگراوییەکانیان سنگی سەدان پێشمەرگەیان بە گولله هەڵدڕی . بەشێکی زۆر ئەمانە کۆنە قینی هەشتاکانیان لەگەل خۆیاندا هەڵگرتووە و ئێستاش بە پارەیەکی بێشومار و سامانێکی بێبن بیرو هزریان دەمەزەرد کراوەتەوە دژی هەموو جۆرە سەقامگیریی و ئاسوودەیی و ئاشتییەکن لەکوردستاندا، چونکە نانی چەوری ئەمان هەمیشە لە شەڕ هەڵایستاندن و کوشتوکوشتاردایە، هەرگیز ناسرەوێن و هەر خەریکی ئاشووبنانەوەن.

ئەو شەڕە ساردەی راگەیاندنی کۆنە شیوعییەکان و قەڵەمفرۆشەکان لەناو حیزبی دەسەڵاتدارانەوە دەیکەن، روون و ئاشکرایە کوێیان دەیەشێت و رووی لەکێیە. ئەوان لەهەموو کەس باشتر دەزانن کە نەوشیروان موستەفا سەرەڕای چەندین تێبینیی لەسەری، نەکاری بەوە هەیە رۆژنامەنووسێکی گەنج هەڵبدات و نە ئەوەندەش خۆی بچووک دەکاتەوە خۆی بهێنێتە ئەو ئاستە لەنزمیی و شەڕی کۆمەڵی کۆنە شیوعیی کاراکتەر شکاو کاریزما رووخاو بکات. نەوشیروان موستەفاش بەهەموو خراپییەکییەوە ، بەهەموو نێگەتیڤییەکییەوە لە ئاست بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورددا، تەنها سانایی و پاک و خاوێنییەکەی و تێوەنەگلانی لە گەندەڵیی لە کەشکەڵانی هەموو ئەو ژن و پیاوە شیوعیی و چەپانە بڵندترە بۆ مشتێ دۆلار و بۆ پارچەیەک زەویی ئامادەن ملی خۆیان بۆ دەسەڵاتداران بشکێنن.

ئێستایش ئەگەر مام جەلال ئامادەیە داوای لێبووردن بکات و بەشێک لەبەرپرسیارییەتی تاوانەکەی پشتئاشان بگرێتە ئەستۆ وەک لایەنێکی شەڕەکە، دەبێ نەوشیروان موستەفاش جورئەت نیشان بدات و بیر لەوە نەکاتەوە کە شانی خۆی داماڵێت و لەسبەی رۆژی نەمانی تاڵەبانییدا ئۆباڵەکەی بەتەواوەتی بخاتە ئەستۆی تاڵەبانیی. ئەگەر نەوشیروان موستەفا مرخی لە رابەرایەتییکردنی ینک خۆشکردووە و نیازی هەیە ببێتە کاپتنی کەشتییەک کە لەدەریای گەندەڵییدا وا خەریکە بەتەواویی ژێر دەکەوێ. دەبێ لەپێش هەموو شتێکدا ئامادەیی خۆی بۆ بەشێک لەبەرپرسیارییەتییەکانی شەڕەکانی ناوخۆ نیشان بدات، بەتایبەت ئەوانەی کە خۆی سەرپەرشتیی کردوون.

لە ئاستی جەماوەرییشدا، دەبێ بەجورئەتەوە ئەو تۆمەتانە بسەلمێنێ یان رەتبکاتەوە لەچەشنی ئەمانەی خوارەوە:

- دژایەتییکردن و سووکایەتییکردن بە خەڵکی لادێ، هەر لەهەشتاکانی سەدەی رابردووەوە لەدەمی دەیان پێشمەرگەوە ئەمانە بڵاوبووەتەوە.
- سووکایەتییکردن بە کەرکوک و کەرکوکییەکان، بەهەولێر و هەولێرییەکان .
- سووکایەتییکردن بە شارەزووریی و هەڵەبجەییەکان، گەرمیانییەکان و بیتوێنییەکان و ...تاد
- مەیلی ناوچەچییەتیی و بەتایبەت سلێمانییبوون لای ئەو گرنگیی هەبێت.

بێدەنگیی نەوشیروان موستەفا لەئاست زۆر پڕوپاگەندەی تر کە لەسەری هەیە لەسەر کەسایەتیی سیاسیی خۆی دەکەوێت و پاشەڕۆژی سیاسیی خۆی پێوە بەندە ، بێدەنگبوونیی نیشانەی راستبوونی پڕوپاگەندەکانەو ئەوەندەی تریش گۆشەگیری دەکات لە ئاستی جەماوەرییدا. لەرۆژئاوادا هەر سیاسییەک بچووکترین گومان و لەکە لە بونیادی کەسایەتی

سیاسییدا هەبێت ، بۆ بەرپەرچدانەوەی یەکسەر پەنا بۆ پرێسکۆنفراس یان میدیای ئینتەرنێت و نووسین و تەلەفزیۆن و رادیۆ دەبات بۆ بەرپەرچدانەوە. کەچیی بێدەنگیی نەوشیروان کە بڕیارە ببێ بە سەرپەرشتیار و دڵی کۆمپانیایەکی زەبەلاحی راگەیاندن ببزوێنی و داکۆکیکەرو پاسەوانی ئەم کۆمپانیایە بێت، چۆنە بۆ چەندین ساڵە لە ئاست ئەو هەموو تۆمەتانە بێدەنگیی هەڵبژاردووە؟ و وێنەیەکی ئەهریمەنیی ئەو لەچاوی خەڵکدا دەخوێنرێتەوە.

لە کۆتاییدا بە وەرگرتن لە کتێبەکەی قادر رەشید و لەزمانی حاجی ئەحمەد نەمەڵیی کە بە شیوعییە هەلپەرستەکانی ئەوسای وتوە " ئەوەی بەسەرتان هاتووەو بەسەرتان دێت بەدەست بەعسەوە وەلا ئۆباڵی لە ئەستۆی خۆتانە"، کە دیارە بەعس وەک قەساب کەوتبووە ناو کارە کۆرپەوەو بەراست و بەچەپدا سەری لێدەکردنەوە، کەچیی هەر چاویان لەوە بوو جارێکی تر و دووی ترو سێی تریش هەر بچنەوە لای و ببنەوە بەهاوپەیمانی "حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتراکیی". لەسەر هەمان ئاواز دروست نییە پێیان بگوترێ " ئەوەی بەسەر (حشع)ی دا هاتووە لەشەڕە ناوخۆییەکانی کوردستان، بەشێکی زۆری ئۆباڵی لە ئەستۆی خۆتانە بەهۆی سیاسەتە سەقەت و دیماگۆگییەکانی سەرکردایەتیی حشع و خەتخوارییی و وابەستەیی و پاشکۆیی هەندێ لە ئەندامە پایەبەرزەکانتان بە حیزبەکانی ترەوە".

بۆ خوێندنەوەی کتێبەکەی قادر رەشید ( پشتئاشان لە نێوان ئازارو بێدەنگییدا ) کە لە کتێبخانەی سایتی دەنگەکاندا هەیە، دەکرێ بەم لینکە بچنە سەری.

http://www.dengekan.com/doc/2005/7/kteb_peshtAshan_kadirRashid22.pdf